# گەر بارزانی نەبوایا کورد نەدەما... خۆزگە..!!!!

هاوڕێ زرنگ

کورد مێژووی نەبوو، شۆڕشی نەبوو.. سەرکردەی نەبوو.. هۆشی نەتەوەیی نەبوو.. هەموو کورد لەناو بازنەی مەرگدابوون.. من هاتم رزگارم کردن لە مردن، لە توانەوە.. مێژووم دروستکرد بۆ کورد و شۆڕشم بۆ کورد بەرپا کرد و بیری نەتەوایەتیم لە ناخیاندا رواند و بۆ هەتا هەتایە لە مەرگ رزگارم کردن.. کردیانم بە خاوەن سەرکردەیەك کە دەبێ هەتاهەتایە شانازیم پێوە بکەن.. دەبێ هەموو کورد راستیەك هەیە بیزانن، ئەویش ئەوەیە مێژووی کورد لە منەوە دەستپێدەکات..

(عەبدوڵا ئۆجەلان)

ئەگەر پارتی نەبوایا، نە کوردی عێراق کورد دەبوون، نە کوردی ئێران، نە کوردی تورکیا..هەمویان دەتوانەوە لەناو ئەو میللەتانەدا.

(مەسعود بارزانی)

لە مێژووی دوور و نزیکی گەلاندا زۆر شۆڕش و راپەڕین و گۆڕان لەسەر دەستی سەرکردە و بیرمەند و شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز رویان داوە کە بۆ هەتاهەتایە ناویان بە زیندویەتی دەمێنێتەوە و نەوە لە دوای نەوە ولآتەکانیان شانازیان پێوە دەکەن..بەلآم لە مێژووی هیچ کام لەو گەل و نەتەوانەدا کاڵفام و گێلەپیاوی وا سەری هەڵنەداوە کە بڕوای وا بوبێت ئەوە مێژووی نەتەوەکەی دروست کردووە و گەر ئەو نەبوایا میللەتەکەی لەناو دەچوو.. پێم وانیە لە هیچ ولآتێکی دونیادا و هیچ نەتەوەیەك خەڵکی وا گەوج و نەخۆشی بەرهەم هێنابێ کە نەتەوەکەی لە تەمەنی خۆیدا ببینێتەوە..

مێژووی ئێمەش پڕە لە شۆڕش و راپەڕین و سەرهەڵدان و بەرەنگاری دەیان سەرکردەی جوامێر و میرخاسی بە هەرمهێناوە کە هەریەکەیان لە قۆناغێکدا بتوانێ رابەرایەتی(شۆڕش-راپەڕین-رەوتێکی فیکری) کورد بکات.. بەلآم لە رابردووی دورماندا هیچ کام لەو سەرکردانە هێندە کاڵفام و گێل نەبوون بێن و بڵێن ئێمە نەبوایاین کورد نەدەما.. یان بڵێ کورد لە منەوە دەست پێدەکات..

بەلآم ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە کە لەم دەیەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم هەر یەك لە (ئاپۆ) و (بارزانی) هەر یەکە و بە جۆرێك توشی بوغرایی بوون کە (شەکری وا بشکێنن) مرۆڤ شەرم لە کورد بوونی خۆی بکات..

ئەو قسانەی(ئۆجەلان) دەیکرد هەندێ جار مرۆڤ لە قسەکانیورد دەبۆوە دەکەوێتە گومانەوە لەوەی ئەم کابرایە(هۆشی) هەبێ و وڕێنەکەر و شێت دەهاتە بەرچاو سەرەنجام ئەو سەرەڕۆیی و بوغراییەی وایکرد ئەو وەزعەی بۆ خۆیی و حزبەکەی لێ کەوتەوە..

ئێستاش بارزانی لە تازەترین راگەیاندنی دا رۆژی 2004/9/8 لە دیدارێکی لەگەڵ ژمارەیەك عەشایەری ناوچەی بتوێن و پشدەر فەرمووی(ئەگەر پارتی نەبوایا نە کوردی عێراق کورد دەبوون، نە کوردی ئێران و نەکوردی تورکیاش، هەمویان دەتوانەوە لەناو ئەو میللەتانەدا).

ئەم قسەیەی(بارزانی) زۆر لە وڕێنەکانی ئۆجەلان مەترسیدار ترن کە مانەوەی میللەتێکی (40) ملیۆنی لە چوار پارچەی خاکێکی لەتلەت کراودا بەوەوە ببەستێتەوە کە ئەو(حزبێکی هەیە) کە سەد خۆزگە پارتی هەر نەبوایا.. با کورد نەمایە..

ئاخر نازانم بارزانی بە چ روویەکەوە ئەم مزایەدەیە بەسەر کوردەوە دەکات.. پارتی چی بۆ کورد لە عێراقا بەدەست هێناوە تا بیفرۆشێتەوە کوردی پارچەکانی تر.. جگە لەوەی کە لە هەمان عەقڵیەتی خێڵەکی و دەمارگیری خود پەرستی نەبوایا کورد بەو دەردە نەدەچوو کە لە دەرئەنجامەکانی شۆڕشی ئەیلول دا توشی هات..

کە تفەنگی(150)هەزار پێشمەرگەیان سەرەو خوار کردەوە و گەورەترین شۆڕشی کوردیان تەسلیم بە ئاشبەتاڵ کرد.. خوێناویترین شەڕی براکوژیان خوڵقاند.. مەترسیدارترین نەرێتی نۆکەرایەتیان داهێنا.. گەورەترین رێگریان لەبەردەم

دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دا گرت لە 1991.. بە دروشمی (حوکمی زاتی) زێڕ ینترین دەرفەتی رەخساوی کوردیان لەباربرد.. بە چوونەوە ئامێزی سەدام زۆرترین دۆست و پشتیوانی کوردیان تاراند.. مەترسیدارترین شەڕیان خوڵقاند... گەورەترین دەستکەوت کە پەرلەمان و حکومەت بوو دەبابەی سوپای ئەنفال کەریان هێنایەوە سەری.. پەلی زۆرترین سوپای تورک و عەرەبیان راکێشا. لە پرۆسەی ئازادی عێراقیشدا کە کەرکوک کەوتە دەست کورد بروسکەیان بۆ تورکیا کرد سوپا بێنێ کە (ی.ن.ك) کەرکوکی داگیرکردووە... زۆرترین رێگریان لەبەردەم گەڕانەوەی کەرکوك و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستاندادروسکرد کە نەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان تا تەوازنی ساحە و هێز نەگۆڕێ...

زۆرترین کێشەیان لە کەرکوك دروستکرد تا ئاسایی نەبێتەوە. بەشداری هیچ کام لەو کۆبوونەوانەت نەکرد لە مەجلیس حوکم کە بۆ مەسەلەی کەرکوك بوو نەبادا عەرەبەکان رازی نەبن و کەرکوکمان بدەنەوە... تەکلیفت لە(محمد بحر العلوم ) کردبوو کە دەنك نەدات بۆ گەڕانەوەی کەرکوك لەم قۆناغەدا.هەموو ئەمانەتان لەم بەشەی کوردستانی عێراقدا کرد و لە ئێرانیش لە سەرهەڵدانی شۆڕشەوە پۆل پۆل سەرکردە و پێشمەرگەی دیموکراتی ئێرانتان تەسلیم بە ئەوسای (شا) و دواتریش شۆڕشی ئیسلامی کردەوە.

کەوتنە پێش سوپای پاسدار و دێ بەدێ راوی حزبی دیموکراتتان کرد... ئەوەی ناشێ یاری موخابەراتیتان لەگەڵ (میت)ی تورکیادا کرد و سەدان جوامێری کوردتان لە زیندانەکانی تورکیا خزاند.

ئێستا بە چی روویەکەوە ئەڵێی (پارتی نەبوایا کورد نەدەما)..!! پارتی لەوەتەی هەیە مایەی کارەساتە بۆ کورد سەد خۆزگە پارتی هەر نەبوایا ڤیروسیا لە کورد چی بەسەر دەهات..

ئەم بوغرایی و خۆ بەوە زانە کە تۆ کۆڵەکەی مانەوەی میللەتێکی جگە لە کارەسات و ماڵ وێرانی بۆ هەر نەتەوەیەك هیچ بەرهەمێکی تری نابێ و بۆ کەسی بەتران و بوغرا و خۆ بە( خوا) زانیش دەرئەنجامێکی تاریکی وەك ئەوی ئاپۆی لێدەکەوێتەوە کە جگە لە( زبڵدانی مێژوو هیچ شوێنێکی تر، شیاوی ئەو جۆرەکەسانە نی یە).